سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمـــارە : ٦٥٤٧ لـــــە ٢٠١١/٦/٢٣

# پێڕەوی
## ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١

بەپێی حوکمی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٨) لە قانوونی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢، بەڕووناکی حوکمی قانوونی ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٥) لە ٢٠١١/٣/٢٨ ، ئەم پێڕەوەمان دەرکرد :

## پێڕەوی ڕێسای ڕەفتار و پیشەیی
## بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
## بەشی یەکەم
## پێناسەو بنەما گشتیەکان

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەو دەستەواژانەی لێرەدا هاتوون ئەوانەیە لەبەرامبەریان دیاری کراون :

١. هـــەرێـــم : هەرێمی کوردستان - عێراق .
٢. حکومەت : حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق .
٣. فەرمانبەر : هەر کەسێك ئەرکێکی پێ سپێردرابێت و لەسەر میلاکی وەزارەتێك بێت لەگەڵ ئەو لایەنانەی سەر بە وەزارەتێك نەبن .
٤. مافی گشتی : خانووبەرەو ماڵە گوێزراوەکانی دەوڵەت وکەسانی واتایی (مەعنەوی) کە بەکردەوە یان بەپێی قانوون بۆ سوودی گشتی تەرخانکراون .
٥. شەفـافیەت : ڕێگە بە ئاگاداربوون لە شێوەی کارگوزاری لەکاروباری حکومەتی و ئاکامەکانی .
٦. لایەنی ناپەیوەندیدار بە وەزارەتێك : ئەو لایەنە حکومییەی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە کە فەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر یان بە پلەیێکی تایبەت سەرپەرشتی دەکات ، مەگەر قانون شێوەیێکی تری بۆ دیاری نەکردبێت .

**ماددەی دووەم :**

فەرمانبەرایەتی گشتی ئەرکێکی نیشتمانی و خزمەتێکی کۆمەڵایەتیە ، ئەو کەسەی پێی سپێرراوە دەبێ لە پێناو بەرژەوندی گشتی و خزمەتی هاوڵاتیان بە پێی قانوون جێبەجێی بکات ، پێویستە فەرمانبەر لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە پابەند بێت بە باڵاترین پێوەری هەستکردن بە لێپرسینەوە و ڕەوشتی باش ، بۆ ئەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە دەستپاکی و کارایی کاری حکومەتی زیاتر بێت و بەرێزەوە تەماشای خزمەتگوزاری گشتی و فەرمانبەران بکەن .

**ماددەی سێیەم :**

لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی ، پێویستە فەرمانبەر پابەندبێت بەم بنەما گشتیانەی لـە خـوارەوە دیـاری کراون :

١. بنەمای کارکردنی فەرمانبەرایەتی شەفافیەتە ، مەگەر قانوون پابەندی فەرمانبەری نەکردبێت بە ئاشکرانەکردنی نهێنییەك ، لەحاڵەتی گوماندا پێویستە پێڕەو بە بنەما گشتییەکان بکرێت .

٢. پرنسیپی ئاشکرانەکردنی نهێنی نابێ لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتی و دەستکاری بەرژەوەندیی و مافـەکانی هاووڵاتیان دەربچێت .

٣. فەرمانبەر دەبێ پابەندبێت بە جێبـەجێکردنی ئەرکـەکانی بەرامبـەر هـەموو کەسـێك ، جـودایی و جیـاوازی لەنێوانیان نەکات .

٤. فەمانبەر بەرپرسە لەو هەڵانەی دەیکات ، هـەر هەڵەیـەك بکرێـت نابـێ کاریگـەری لەسـەر پایـەی کەسـانی پەیوەندیداری خاوەن بەرژەوەندی و ئەو مافانەی بەپێی قانوون بەدەستی هێناون بکات ، بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەو فەرمانبەرە بەرپرسیاریەتی ئەو هەڵەی کردوویەتی ، لەگەڵ دەرئەنجامەکانی دەبێ بخاتە ئەستۆی ئەو فەرمانبەرە .

٥. رۆتینی زیاد دەبێ کەم بکرێتەوە لەپێناو کەمکردنەوەی بیرۆکراتیەتی کارگێڕی .

٦. کاری فەرمانبەرایەتی هەر بۆ بەرژەوەندی گشتییە .

٧. فەرمانبەرایەتی کارێکی کارگێڕی پەتییە دەبێ دووربخرێتەوە لەهەموو تایبەتمەندییێکی تر .

٨. فەرمانبەر نوێنەرایەتی حکومەت دەکـات لەچوارچـێوەی ئـەو دەسـەڵات و ئەرکانـەی پێـی سـپێرراوە ، هـەر کەمتەرخەمییەك ئاراستەی حکومەت بکرێت فەرمانبەر دووچاری لێپرسینەوەی قانوونی دەکات .

٩. کاری فەرمانبەرایەتی بە مووچەیە ، مەگەر فەرمانبەر بە نووسراویی رەزامەنـدی دەربڕیبێـت بـۆ ئەنجامـدانی کارەکەی بەبێ بەرامبەر .

١٠. پێویستە فەرمانبەر پێشوەخت ئاگاداری ئەو راستیە بێت کە بەر پرسە لەو کارو بڕیارانەی دەیدات لە تانەگرتن لە بەردەم دادگەی ئیداری و لێپرسینەوەی دادوەریی .

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی جێبەجێکردن

**ماددەی چوارەم :**

١. سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە هەموو پابەند دەبن بە حـوکمی ئـەم پێڕەوە ، لە حاڵەتی پابەندنەبوونیان بەو ڕێکارو ڕێڕەوە قانوونانەی لێرەدا هاتوون ، لەڕووی قانوونیەوە بـەرپرس دەبن .

٢. حوكمی ئەم پێـڕەوە فەرمانبـەرانی ئەنجومـەنی وەزیـران و سـەرۆكايەتيەكەی و ئـەو وەزارەت و لايەنانـەی بـە وەزارەتێكەوە پەيوەند نين ئەوانيش دەگرێتەوە ، پلەی فەرمانبەرايەتيان گشتی بێت يان تايبەت .

٣. ئەو ڕێسايانەی لەم پێڕەوەدا هاتوون كەمترين پێوەرو ڕێسای كارگێڕی دروستن ، كە پێويستە هەموو فەرمانبەران پێڕەوی پێ بكەن ، ئەو بنەمايانەی لێرەدا دياری كـراون هـەموو ئـەو فەرمانبەرانـەش دەگرێتـەوە كـە لەسـەر فەرمانبەرايەتی دەسەڵاتی ڕاپەراندن كاردەكەن ، بەوانەشەوە كە لەسەر ميلاكی بەردەوام (الملاك الدائم) نەبن .

## بەشی سێيەم
## ڕەفتاری كارگێڕی دروست

### ماددەی پێنجەم :

١. فەرمانبەر پێويستە بە كارامەيی و وردی و شەفافيتەوە ڕەفتار بكات ، تەنيا ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی بكات ، ئەركەكانی بەپێی قانوون جێبەجێ بكات و پابەندبێت بە پێوەر و ڕێسای دەستپاكی و ڕەوشت و ڕەفتاری پيشەيی

٢. فەرمانبەر دەبێ بە پێی قانوون هەڵسوكەوت بكات ، لەپەيوەنديەكانی لەگەڵ هاوكارەكانی و بەرپرس و ئەوانەی ئەو بەرپرسـيانە ، لەگـەڵ هاوولاتيانيـشدا دەبـێ بابەتيانـەو دادپەروەريانـەو شـەفافانەو بـەگيانی هاوكارانـە هەڵسوكەوتيان لەگەڵدابكات ، هەروەها پێويستە سەرڕاست و بێلايەن و لێهاتوو بێت ، ئەركـەكانی بـەو پـەڕی كارامەيی و دادپەروەريی و تێگەيشتنەوە جێبەجێ بكات ، ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی بكـات و پابەنـدبێت بـە قانوون و ڕێساو ڕێنماييە كارگێڕيەكان كە كاريان پێ دەكرێت .

### ماددەی شەشەم :

فەرمانبەر دەبێ بەپێی ئەو ڕێساو ڕێكارانەی لە پێڕەودا هاتوون و لەگەڵ ئەو قانوونانەی پەيوەنديیان پێـوەی هەيـە هەڵسوكەوت بكات ، پێويستە ڕاشكاوانە بنەمای قانوونی ئەو بڕيارانـەی دەری دەكـات و پەيوەنـديان بـە مـاف و بەرژەوەنديەكانی هاوولاتيانەوە هەيە ڕوون بكاتەوە ، كە ناوەرۆكەكەی دەبێ لەگەڵ قانووندا گونجاوبن .

### ماددەی حەوتەم :

لەكاتی بڕياردان ، پێويستە فەرمانبەر بەپێی قانوون و ئەو دەسەڵاتانەی قانوون پێی داوە هەڵسوكەوت بكات ، بـێ ئەوەی لە بنەما سەرەكيەكانی دەربچێت و بێ لايانانەو بابەتيانە ڕفتـار بكـات و تـەنيا ئـەو لايەنـە قانوونيانـەی پەيوەنديان بە كارەكەوە هەيە ڕەچاو بكات ، پابەندبێت بە بەرژەوەندی گشتی ،لايەنگيری لايـەنێك يـان پـشتگيری نەكات .

**ماددەی هەشتەم :**

فەرمانبەر بۆی نییە دەسەڵاتە قانوونیەکانی بەخراپە بەکاربێنێ ، وەك پێشخستنی کاری کەسێك یان جیاوازی ناڕەوا لەنێو هاووڵاتیان بکات ، یان لایەنگیری لایەنێك لەبەر ڕەگەزی ، نێرومێی ، بنەڕەتی ئێتنی ، کۆمەڵاتیی ، یان لەبەر تەمەنی ، یان لەبەر باری فیزیکی ، یان لەبەر ئەوەی سەر بە خێزانیك یان خێڵێکە ، یان بیروڕای سیاسیی ، ئینتمای بۆ پارتێکی سیاسی ، یان سەر بە لایەنێك بێت ، یان لەبەر بیروڕای ، یان کەلتووری ، یان زمانی ، یان هەر بنەمایێکی دیکەی نەگونجاوبن لەگەڵ پرنسیپەکانی دادوەریی و دەستپاکی .

## بەشی چوارەم
## بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکان

**ماددەی نۆیەم :**

فەرمانبەر پێویستە بەرژەوندی گشتی پێش بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخات ، ئەگەر بە کردە یان ئەگەری ناکۆکی لەنێو بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی خۆی بە ڕووالەتیش بێت ڕوویدات ، بەتایبەتی کە لەو حاڵەتەی بەهۆی پلەو پایەی پۆستەکەی بێتە کایەوە .

**ماددەی دەیەم :**

١. فەرمانبەر نابێ پلەو پایە یان دەسەڵاتەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بۆ ڕەخساندنی کارێك یان دەستکەوتنی سوودمەندێك بەکاربێنێت ، وەك بەستنی ڕێکەوتنامەیەك ، یان بەدەستهێنانی بەخشینێك ، یان ڕێپێدان ، یان وەرگرتنی زەویی و زارێك بۆ خۆی یان بۆ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لە سنووری ئەو پلە خزمایەتیەی کە بە قانوون دیاری کراوە .
٢. پێویستە فەرمانبەر خۆی لە کارڕایی و بەدواداچوونی کارێکی فەرمی دووربگرێت کە کاربکاتە سەر سەرکەوتنی پرۆژەیێکی بازرگانی یان پیشەسازی ، سیاسی یان ڕۆشنبیری تایبەت ، موڵکی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی ، لەسنووری پلەی خزمایەتی کە بە قانوون دیاری کراوە .
٣. فەرمانبەر بۆی نییە ببێتە خاوەن کۆمپانیایێکی تایبەت چ وەك دامەزرێنەر یان بەشدار ، هەروەها بۆی نییە وەك نوێنەرێکی دەسەڵاتدار ، یان نوێنەر ، یان فەرمانبەر ، یان ڕاوێژکار ، یان بریکار ، یان ئەمیندار ، یان چاودێر کاری تێدابکات ، تەنیا لەو حاڵەتە حەسریانەدا نەبێت کە قانوون ڕێی پێداون .

**ماددەی یازدەم :**

هەرکاتێ فەرمانبەر بۆی دەرکەوت یان هەستی بەبوونی بەریەککەوتن لەنێو بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندییێکی تایبەت بۆ خۆی یان یەکێك لە خزمانی کرد ، پێویستە :

١. دەستبەجێ بەرپرسی ڕاستەوخۆی لەو حاڵتە ئاگاداربكاتەوە .
٢. ئەو بەرپرسە باڵایەی پلانێك بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو بەریەككەوتنە لە نێو بەرژەوەندیەكان و جێبەجیكردنیان دابنێت ، بەمەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ حوكمی قانوندا .
٣. هەر بڕیارێك لەو بارەوە بدرێت ، پێویستە ئەو فەرمانبەرە قبوولّی بكات لە پێناو سەروەریی پرنسیپی دەستپاكی

## بەشی پێنجەم

## ڕەفتاری پاش دەست هەڵگرتن لە كارمەندایەتی گشتی

**ماددەی دوازدەم :**

١. فەرمانبەر بۆی نییە پۆستەكەی بەشێوەیكی خراپ بەكاربێنێ لەپێناو بەدەستهێنانی دەرفەتی كاركردن لەدەرەوەی خزمەتی گشتی .
٢. فەرمانبەر بۆی نییە ڕێگە بە بوونی هەر پیشەیەك یان كارێكی تر بدات كـە ببێتــە هــۆی پەیـدابوونی حاڵـەتی بەریەككەوتن بەكردەوە یان بەئەگەری ڕوودانی ، هەتا بەڕواڵەتیش بێت لە نێـو بەرژەوەندیەكانـدا ، پێویـستە دەستبەجێ بەرپرسەكەی ئاگاداربكاتەوە بەوەی كە حاڵەتێكی واپەیدابووەو خەریكە دەبێتە هـۆی بەریەككـەوتن لەنێو بەرژەوەندیەكاندا ، دەبێ ئاگاداری ئەوەش بكرێتەوە كە پیشنیازی كاركردنی قبووڵ كردووە .

## بەشی شەشەم

## دیاری و سوودمەندی دیكە

**ماددەی سێزدەم :**

١. فەرمانبەر نابێ پۆستەكەی بۆ بەدەستهێنانی سوودمەندێكی شەخسی یان خۆدەوڵەمەندكردنی خۆی یان كەسێكی تر بە ڕێگایێكی ناقانوونی بەكاربهێنێت .
٢. فەرمانبەر نابێ بە هیچ شێوەیەك خۆی بخاتە حاڵەتێكی وادا كە تێیدا ناچاربێت چاكەی كەسێكی تـر بداتـەوە ، پێویستە خۆی دووربگرێت لە هەر جۆرە ڕەفتارێكی گشتی یان تایبەتی كە تێیدا بكەوێتە ژێر كاریگەریی كارێكی نادروست یان گومانلێكراو .
٣. فەرمانبەر نابێ داوای یان قبوولّی هیچ دیارییەك ، خەڵاتێك ، چاكەیەك ، قەردێك ، میوانداریییەك ، یان كارێك ببێتە هۆی دووركەوتنەوە لە زەرەمەندیەك یان هەر جۆرە سوودمەندێكی تر كە فەرمانبەر بخاتە ژێر كاریگەریی كارێكی نادروست یان گومانلێكراو یان بە شێوەیەكی لەوجۆرە لە چوارچێوەی ئەركە فەرمیەكانی .
٤. فەرمانبەر بۆی هەیە لە چوارچێوەی چالاكیە فەرمیەكانی بەنوێنەرایەتی حكومـەت دیارییـەك یـان خـەڵاتێكی ڕەمزیی قبووڵ بكات ، بەڵام پێویستە ئەوەی وەریگرتووە لە دەفتەریی هەبووی حكومەتیدا بـە فـەرمی تۆمـار بكرێت .

## بەشی حەوتەم
## چالاكی سیاسی و بێلایەنی

**ماددەی چواردەم :**

١. فەرمانبەر لە جێبەجێكردنی ئەركەكانی پێویستە بێلایەن بێت و خزمەتی بەرژەوەندی گشتی لەچوارچێوەی قانووندا بكات ، هەروەها پێویستە خۆی دووربگرێت لە لایەنگیریی حزبێكی سیاسی یان كۆمەڵێكی تایبەت كە بەشداری لە چالاكە سیاسیەكان لە ناوەوەی حكومەت یان دەرەوەی دەكات ، وەك ئەندام یان بەشدار یان پشتیوان لەو حیزبە یان ئەو كۆمەڵە سیاسیە ، هەروەها پێویستە بەشداری لە هیچ چالاكییێك نەكات كە هەڕەشە یان دیاردەی هەڕەشە لە هەڵوێستی بێلایەنی دەكات .

٢. فەرمانبەر نابێت هیچ جۆرە چالاكییێكی سیاسی لەناو بارەگاكانی حكومی یان لە كاتی كاری فەرمی بنوێنێ ، هەروەها بۆی نییە دارایی گشتی بەكاربێنێ بۆ چالاكی سیاسی یان حیزبی .

٣. فەرمانبەر بۆی هەیە لەچوارچێوەی مافە سیاسیەكانی بچێتە ریزی رێكخراوێكی یان حیزبێكی سیاسی و بەشداری لە گفتوگۆ و چالاكی سیاسی و گشتی بكات ، بەلآم بەمەرجێك كار نەكاتە سەر متمانەی گشتی لە جێبەجێكردنی ئەركە فەرمیەكانی بە بێ لایانانە .

## بەشی هەشتەم
## ئاشكراكردنی زانیاری و شەفافیەت و وەلآمدانەوەی گشتی

**ماددەی پانزەم :**

١. پێویستە لەسەر فەرمانبەر ئەو زانیاریە نهێنیانەی لایەتی یان بەهۆی كارەكەیەوە ئاگاداریانە نەیاندركێنێ ، ناشبێ بەهیچ شێوەیەكی نادروست بەكاریان بهێنێت .

٢. فەرمانبەر لەكاتی كاركردنی لە دەزگایێكی حكومەتی لەدوای دەرچوونی لەبەر هەر هۆیەك بێت ، بۆی نییە هیچ نهێنییەك یان زانیارییێكی زارەكی یان نوسراو ، كە بە هۆی پۆستەكەی ئاگاداری بووە یان پەیوەندی بە فەرمانگە یان ئەركە فەرمیەكانیەوە لە هەر دامەزراوە یان دەزگایێكی حكومەتیەوە هەبێت ئاشكرایان بكات ، مەگەر بەنوسراوی رێگای بلآوكردنەوەیانی وەرگرتبێت ، ئەوەش ئەگەر قانوون رێگەی پێ دابێ یان ئەو زانیاریانە لەلایەن دەسەلآتی دادوەرییەوە بەپێی قانوون داواكرابێت .

٣. ئەو زانیاریانەی كە فەرمانبەر ئاشكرایان دەكات دەبێ بەشێوەیێكی قانوونی گونجاو بیاندركێنێ ، بۆی نییە ئەو زانیاریانەی گومان لە ڕاستیان دەكات یان بەڵگەی لەسەر نادروستیان لەلا هەیە ، بلآویان بكاتەوە .

**ماددەی شازدەم :**

سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و هاوپلـەکانیان خـاوەن پلـە تایبەتیـەکان و بەڕێوەبـەرە گـشتیەکان و هاوپلەکانیان دەبێ ڕاپۆرتێك کەتێیدا بەرژەوەندی داراییــان (إسـتمارة كـشف المـصالح الماليـة) پێـشکەش بەلایـەنی پەیوەندیدار لەڕووی قانوونیەوە بکەن ، بەپێی ئەو ئەو کارڕو بنەماو ئوسوڵ و پێوەر و مەرجانەی بە قانوون دیـاری کراون .

**ماددەی حەڤدەم :**

١. فەرمانبەر دەبێ گرنگی بە خزمەت بدات و لەمامەلەکردنی لەگەڵ هاوکارەکانی و هاووڵاتیان پێویستە وردبین و ڕەوشت بەرزو دەستپاك بێت .
٢. پێویستە لەسەر ئەو فەرمانبەرەی نوسراوێك یان سکاڵایەك بۆ دەزگایێکی حکومەتی بەدەست دەگات ئاگادارییەك بە وەرگرتنی لە کاتێکی گونجاودا بدات . لە وەڵامدانەوەی نوسراو و پرسیاری تەلەفۆنی و نامەی ئەلێکترۆنیدا ، پێویستە هەوڵی پێشکەشکردنی یارمەتی بەپێی توانا بدات و لە وەڵامدانەوەشدا بە وردی و بەقەد توانا وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارانەی لێی کراون بداتەوە ، نابێ زانیاری هەڵە یان گومانلێکراو بە کەسێك بدات .
٣. پێویستە لەسەر ئەو فەرمانبەرەی گوتارێك یان سکاڵایەکی بەدەست دەگات ، ناوی خۆی و ناونیشانی پۆستەکەی و ژمارەی تەلەفۆنی و ناوی ئەو دەزگا حکومییەی کاری تێدەکات ڕوون بکاتەوە . ئەگەر ئەو فەرمانبەرە بەرپرسی ئەو بابەتە نەبوو ، دەبێ کەسی خاوەن داوا یان سکاڵاکەر ئاراستەی فەرمانبەری بەر پرس بکات .
٤. پێویستە لەسەر فەرمانبەر بڕیار لەسەر هەر داوایەك یـان سـکاڵایەك پێـشکەشی دەکرێـت لەچوارچێوەی ئـەو دەسەڵاتانەی هەیەتی لەماوەیێکی گونجاودا دەستەبەر بکات .
٥. لەحاڵەتی دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن دەسەڵاتێکی حکومەتی پەیوەندیدارەوە کە ڕەنگە بـە شـێوەیەکی نـەریتی کاربکاتە سەر ماف یان بەرژەوەندی هاووڵاتیان ، فەرمانبەری پەیوەندیدار دەبێ ئەو پرنسیپە قانوونیانەی پشتی پێ بەستون بۆ دەرهێنانی ئەو بڕیارە هەموو لایەنەکانی ڕاشکاوانە بۆ کەسی پەیوەندیدار ڕوون بکاتەوە .
٦. هەر بڕیارێك کە لەلایەن دەسەڵاتی حکومی پەیوەندیدارەوە دەردەچێ کە ڕەنگە بەشێوەیێکی نەریتی کـار بکاتـە سەر ماف یان بەرژەوەندی شەخسی هاووڵاتی ، پێویستە لەسەر فەرمانبەر ڕێگەی تانە لێدانی قانوونی بـۆ ڕوون بکاتەوە ، بەتایبەتی شێوەی داوای وەرگرتنەوەی ئەو مافە لەگەڵ دیاری کردنی ئەو ماوەی بـەپێی قـانوون بـۆی دەستنیشانکراوە .
٧. فەرمانبەر بۆی نییە سکاڵای کەسێکی پەیوەندیدار لەسەر بڕیارێك یان ڕێکارێکی ئیـداری وەرنـەگرێت ، دەبـێ کارئاسانیش بۆ وەرگرتنی سکاڵاکەی بکات .

## بەشی نۆیەم

## خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ڕەفتاری تاکە کەسی

**ماددەی هەژدەم :**

١. پێویستە فەرمانبەر لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە ڕەفتار بکات ، ئاستێکی باڵای دەستپاکی و پیشەی هەبێت ، نابێ ئەو دەسەڵاتە وەزیفیە فەرمییەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێت .

٢. فەرمانبەر پێویستە ئاگاداری هەموو موڵك و سامانی گشتی بکات و بیانپارێزێ ، ئەوە بەڵگـە فەرمیـەکانیش دەگرێتەوە ، نابێ سوودیان لێ وەربگرێت یان ڕێگە بەسوود لێ وەرگرتنیان بدات ، ئەگەر لە چوارچێوەی قانووندا نەبێت .

٣. پێویستە لەسەر فەرمانبەر ڕەوشتێکی وا بنوێنێ کە ببێتە مایەی زیادکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە دەستپاکی و بێلایەنی و کارامەیی کاروباری حکومەتی .

**ماددەی نۆزدەم :**

فەرمانبەر بەرپرسە لە بەردەم ئەو کەسەی لە ڕووی پایەو پلەی کارگێریدا لەو باڵاترە ، پێویستە پابەنـدبێت بەهـەر ئاراستەیێکی قانوونی ماقووڵ ، کە لەلایەن دەسەڵاتی پەیوەندیدار بەپێی قانوون دەرچووبێت .

**ماددەی بیستەم :**

١. پێویستە لەسەر ئەو فەرمانبەرەی داوای ڕەفتارێکی ناقانوونی لێ دەکرێت کە ناگونجێ لەگەڵ حوکمی ئەم پێڕەوەو قانوونەکانی تر ، ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکاتەوە بەپێی قانوونی ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراو .

٢. پێویستە لەسەر فەرمانبەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگاداربکات بەهەر بەڵگەیەك یان داواکارییێکی نەگونجاو لەگەڵ چالاکییێکی ناقانوونی یان تاوانبارییی پەیوەندی بە خزمەتی گشتییەوە هەیەو لەڕێگەی کارەکەیەوە پێی دەزانێ ، لەم حاڵەتەدا لێکۆڵینەوە لەو ڕاستیانەی لێیان ئاگادارکراون لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار لەچوارچـێوەی قانوونـدا دەکرێت .

٣. پێویستە حکومەت دەستەبەری ڕوونەدانی زیان بەو فەرمانبەرانە بکات کەبابەتی لەو شێوەیە لەسەر بنەمایێکی ماقووڵ و بەنیازپاکی دەخاتەڕوو ، گرتنەبەری هەر ڕێککارێکی دیسیپلینی یان جیاوازی دژ هەر فەرمانبەرێك کە بەو کارە هەڵدەستێ بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێککارەیە .

٤. پێویستە فەرمانبەربڕیارەکانی یان ڕێکارە کارگێڕیەکانی بە پشتبەستن و لەسەر زانیاری کەسێکی نادیار بنیـات نەنێت ، فەمانبەر دەبێ وردبێ و ئاگادار بێت لە وەرگرتنی زانیاریانی نادروست ، ئەوەی بەمەبەستی خراپەو زیان گەیاندن بەکەسانی دی دەدرێن .

**ماددەی بیست و یەکەم :**

ئەگەر فەرمانبەر سەر پێچی لە ئەرکەکانی سەرشانی یان ناقانوونی بکات ، ئەوا بەپێی ئەو سزایانەی لـە قـانوونی ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ی هەمووارکراو ، بەپێی ئەو ڕێکارو بنەما قانوونیانەی لەوێدا هاتوون سزا دەدرێت . ئەو سزادانە ڕێگر نـابن لـەوەی ڕێکـاری قـانوونی و دادوەریـی تـر دژی فەرمانبەر بگرێنە بەر .

**ماددەی بیست و دووەم :**

١. پێویستە لەسەر فەرانبەر تەماشای دەقەکانی ئەم پێڕەوە بکات و پابەند بێت بە حوکمەکانی ، بۆی هەیە داوای ڕاوێژو ڕوونکردنەوە لە لایەنی پەیوەندیدار لەکاتی خۆیدا بکات .
٢. ئەم پێڕەوە دوای پێپەربوونی (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ، جێبەجێ دەکرێت .

**د. بـەرهـەم سـالـح**
**سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

## هـۆکـاری دەرچـوونـی

بەمەبەستی دیاری کردنی پێوەری پیشەی و دەستپاکی و شەفافیەت لە ئەدای کاری حکومەت و ڕێگەنەدان بە خراپ بەکارهێنانی خزمەتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی بە ڕێگایێکی ناقانوونی ، هەروەها لە پێناو جیاکردنەوە لەنێو چالاکی سیاسی و حیزبی و تایبەتی لە ئەدای کاری حکومەتی و پتەوکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە پێناو باشتر بەکارهێنانی ماڵی گشتی و داهاتەکانی تری حکومـەت ، لـە پێنـاو بـەرەو پێـشبردنی ئاسـتی کـاری حکـومی و پتەوکردنی لەڕێگەی جێبەجێکردنی کاری فەرمانبەرایەتی گشتی و بەباشترین و تەواوترین ڕووخسار ، بەشێوەیەك کە ئامانجی بەرژەوەندی گشتی و پتەوکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە خزمەتی گشتی ، ئەم پێڕەوە دەرکراوە .